# سەرۆک لە ژێر سێبەری وەهمەکاندا

**رزگار شەیبان**
rezgarshaiban@yahoo.com

**سە**رۆک دەوڵەت و پاشا پلاستیکیەکانی کۆمەلگا رۆژئاوایەکان زۆر بە ئاسانی لەکەناری خەلکەوە دەگوزەرێن و ئەوەندە سەرنجیان لە سەرە کە مێدیاکان کە لە جێگایەکەوە بیان ورووژێنن. لەو کۆمەلگانەدا سەرۆک و وەزیر و پۆست بەرزەکان وەک کارمەندیکی دەولەت و لێپرساو سەیر دەکرێن و خەلک لە کارنامەیانەوە هەلۆێست وەردەگرن بەرامبەر بە مانەوەیان یان راگرتن و کەنار خستنیان. هەرچەندە دیموکراتی شێوازی پاریزگاریی دەسەلات و پەردەپۆشی لە دەولەتی پشتی پەرلەمانەکان، زۆر جار لە پێناوەی بەرژەوەندی سیستەمەکەیاندا مەگەر خۆیان لە ریگای میدیاکانیانەوە رۆشنای بخەنە سەر ژیانی تایبەتیان تا هەلومەرجی لادانیان یان بردنە سەر دەسەلاتیان لە پێش سیناریۆی هەلبژاردنەکانەوە فەراهەم بکەن. بەلام
پێچەوانە لەو کۆمەلگانەی کە دیکتاتۆری و میلیتاریزم و پۆلیس راستەوخۆ دەسەلاتیان بەدەستەوەیە نەک سەرۆک و دەسەلاتداران نایانەوێت. بەلکو خەلک ناتوانن لە کەناریانەوە تیپەرن یان ئازادانە بریار لە سەر هیج شیوازێک لە ژیانی خۆیان بدەن. لەکەنار تێپەربوونی خەلک لە دەسەلاتداران دەبێت لە سەرەنجامی هەلسان و راپەرین و قوربانی قورس و خوێن رشتن بێت. تێپەرنەبوونیش مانای ئەوە کە خەلک خاوەنی ماف و ژیانی خۆیان نەبن.
بۆئەوەی خەلک کەناری دەسەلات تینەپەرێنێت و خاوەنی ماف و ژیان نەبیت هەر بە تەنها میلیتاریزم و پولیس و زیندان هەموو شتێک نییە. بۆیە ئایین و نەتەوەپەرستی و گەورەپەرستی و وەهم ئەگەر نەبن زیندوو دەکرێنەوە و ئەگەر هەبن گەورە دەکرێن، و هەموو سیستەمی سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی لەسەری دادەرژنەوە.
لەم کۆمەلگانەدا هەر لە یاری دەستی مندالانەوە تا جێگا پیرۆزەکان و پەرستگاکان لە پێناوی ئەم مەبەستەدا خەلک فێری گەورەپەرستی خوایی و گەورەپەرستی سەرزوویی دەکرێن. نوسراوو و پەرتووکەکان و بلاوکراوەکانیش بەهەمان شیوە پەروەردەیەک بە کۆمەلگا دەدەن کە رەووشتی بەرز بە وەهم و گەورەپەرستی پێوانەبکریت. لە مێژووی ئەم کۆمەلگانەدا هەموو "گەورەکان" کاتێک دەرۆن جێگا پیرۆزەکانیان بۆ نەوەکانیان بەجێدەهێلن. خۆیان دەرۆن و نەوە بێ بەهرەکانی دوای خۆیان پانتایی دەسەلاتی باوانیان دەگرنەوە. سەردەمی نوێ کۆمەلگا رۆژهەلاتیەکان، و زۆر تایبەت تر کوردستانی دوای هەزاران ساڵ بەسەر تێپەربوونی مێژووی میزۆپۆتامیا و هاتنی "خەوی دیموکراتی"، هیچ شتیک لە بنەمای دەسەلات و دەسەلاتداریدا نەگۆراوە. گەورەکان و پیاوە ئاینیەکان و سەرۆک خێل و سەرکردە حیزبیەکان و سەرانی دەسەلات، هەرهەموو لە سیستەمی مۆدرێنی سەرمایەداری ئەمرۆدا جێگای بەرزیان هەیە و دەسەلاتەکانی پاش خۆشیان بە هەمان شیوەی سەدەکانی پێشوو و خێلەکیانە لە نمایشی گونجاوی ئەمرۆیدا بۆ نەوەکانیان بەجێدەهێلن. ماسە مێدیا "پێشکەوتووەکانی" دەستیشیان هەمان رۆلی پەرتووکە بە پیرۆزکراوەکان و داستانە وەهمیەکان دەگێرن، نووسەران و قەلەم بەدەستە بەکرێگیراوەکان و شاعیرە ملکەچەکانی دەسەلات و نیشتمان پەروەر، هەموو زمان لوس و جارگێرەکانی دیوەخانەکانی پاشا و سەرۆک خێلەکان و والیەکانی ئەمرۆن.
لە سەردەمەکانی پێشوودا ئەگەر شاعیران و بیرمەندانێک ملیان بە دەسەلات نەدایە، زمانیان دەبرین و لە خەلکیان دوور دەخستنەوە و شانسیان کەم هەبوو کە بتوانن برۆنە جێگایەکی تر کە دەستیان لە خەلکی خۆیان نەبرێت. کەچی ئەمرۆی سەردەمی مۆدرێنیزم، شاعیر و قەلەمبەدەستەکان و بیرمەند و هەنەرمەندە

سەرکێشەکانی دوێنێش زۆربەیان بەناوی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرستیەوە دەرۆنەوە ژێر سەرزەووی دەسەلات و لەبەردەم پەرلەمان و دیوەخانەکانی حیزب و لێپرسراوەکاندا ریزیان گرتوە بۆدەسماچکردن و خزمەتکردن.

سەردەمێکی تەواو بەها شێواوە کە لە ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەداوە ئەمانە بەهەگبەیەکی پینەکراوە دەرۆنەوە کە پرە لە دەسکەوت و زەحمەتی بیرمەندان و نووسەرانی رۆژئاوای دوای چەندان شۆرش و ئالوگۆری کۆمەلایەتی، و بە نرخی وەهمی گەورەپەرەستی و نەتەوەپەرستی دەیبەنەوە بۆ ناو خەزێنەی پشتیوانی لە سەرۆکە خێلەکیەکانی ئەمرۆی کوردستان. سەرۆکەکان لە ژێر سێبەری ئەم وەهماندایە دەکرێنە ئەفسانە و دەسەلاتی خۆیان لە مەترسی تێپەربوونی خەلک و شۆرش دەپارێزن.

8 December 2007